گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper18

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٣/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٥/١٥
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# وەرزی پایز و ڕۆمانسیزمییەتی شاعیرانی کورد، بە نمونەی (بێسارانی، نالی، سالم، مەولەوی، هێمن، حەسیب قەرەداغی)

ئیکرام جەلال خالید[1] - تانیا ئەسعەد محەمەدساڵەح[2]

tanya.mohamad@su.edu.krd - ekramjelal@gmail.com

[1+2] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

## پوختە

لەبەرئەوەی لە وەرزی پایزدا شاعیران زیاتر هەستیان ناسک دەبێتەوە و ئیلهامی شیعریان زیاتر دەبێت، پایز بە وەرزی شاعیران ناسراوە، لەم وەرزەدا بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە باری دەرونی شاعیرانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت و زیاتر هەست بە (تەنیایی و کۆچ و دابڕان و پیری و مردن... هتد) دەکەن، ناوەڕۆکی شیعری شاعیرانیش زیاتر ئەم تایبەتمەندیانە لەخۆدەگرێت، کۆمەڵە شیعرێک دەنوسرێت کە ڕەنگ و ڕوی پایزی پێوەدیارە و خاوەنی کۆمەڵێک کەرەستە و وشە و دەستەواژەن کە لە دیاردە سروشتییەکانی پایزەوە سەرچاوەیان گرتوە، وەک: (خەزان، زەردەپەڕ، با، گەڵای وەریو، غوربەت، خەم، کۆچ، مردن ...هتد) ئەمانە و هاوشێوەکانی دەبنە کەرەستەگەلی شیعری پایزی و بۆ مانا و مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنرێن، بونی کەرەستەی شیعری پایزیی لە شیعری کۆنی کوردیدا بە دیدەکرێت و لە بێسارانییەوە بەڕونی بە دەردەکەوێت و پاشان دەگاتە لای مەولەوی، ڕەوتی شیعری پایزیی بەردەوام دەبێت هەتا دەگاتە شاعیرانی قۆناغی کلاسیکی نوێی و شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ. شیعری پایزی بنەماکانی شیعری ڕۆمانسییان تیادا بەدیدەکرێت و پانتاییەکی فراوانە بۆ دەرکەوتنی بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کۆن و نوێی کوردیدا. ئەم توێژینەوەیە کە لە دو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە، تەوەرەی یەکەمان پێکهاتوە لە نمونەی شیعری پایزی شاعیرانی کۆنی وەک: (بێسارانی، نالی، سالم، مەولەوی) و هەوڵی ڕونکردنەوەی ئاماژەی کەرستە پایزییەکانمان داوە، تەوەرەی دوەمیش جگە لە مێژوی سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری ڕۆمانسیزم

کوردی و تایبەتمەندیی ڕۆمانسی کوردی بە کورتی، سێ دەقی شیعری پایزی شاعیرانی (بێسارانی و هێمن و حەسیب قەرەداغی)مان، شیکردوەتەوە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم سێ دەقەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی قۆناغی مێژوییان، بنەما ڕۆمانسییەکانی ناو دەقەکانیشمان دیاریکردوە، لە کۆتایشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان شیعری پایزیی و ڕۆمانسییەتدا.

**کلیلە وشەکان:** وەرزی پایز، شیعری پایزی، کەرەستەی شیعری پایزی، ئاماژەی کەرەستەی شیعری پایزی، خەزان، شەوی یەڵدا

## پێشەکی:

پایز لە شیعری شاعیراندا بەشێوەیەکی ڕێژەی کەم تا زۆر ئامادەی هەیە، لە زۆربەی دیوانە شیعرییەکانی شاعیرانی کۆن و نوێدا شیعری پایزی بەرچاودەکەوێت، بەتایبەتی لە شیعری نویی کوردیدا دیوانی هەر شاعیرێک بگەڕێین، شیعری پایزیمان بەرچاودەکەوێت. تەنانەت زۆر دیوانە شیعریشمان هەیە بەناوی پایزەوە، یان ناوێکی لێکدراوە کە یەکێک لە وشەکانی پایزە. وەک دیوانی (پایزە میوان)ی (شێرکۆ بێکەس)، کە ساڵی (2003) بڵاوکراوەتەوە و دیوانی (پایز پیاوێکی ڕۆمانسییە)ی (زیاد نارد عاڵلایی)، کە ساڵی (2011) بڵاوکراوتەوە. شیعری پایزی کۆمەڵێک کەرەستەی تایبەت بەخۆی هەیە کە هەڵگری ئاماژەی تایبەتی خۆیانن، سەرەڕای ئەمانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان شیعری پایزیو ڕێبازی ڕۆمانسیدا دەبینرێت لەم توێژینەوەیدا لە ئەو پەیوەندییانە دەکۆڵینەوە. هەمو ئەمانە بون بەهۆی ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە ئامادەبکەین، دەرباری شیعری پایزی و کەرستەکانی شیعری پایزی لە شیعری کۆن و نوێدا و چەند شاعیرێک بەنمونە وەربگرین کە هەریەکە لە شاعیرانی (بێسارانی، نالی، سالم، مەولەوی، هێمن، حەسیب قەرەداغی)ین و پەیوەندی شیعرە پایزییەکانیان بە ڕۆمانسییەتەوە ڕوندەکەینەوە، ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە پێشەکییەکو دو تەوەرەی سەرەکیی:

تەوەرەی یەکەم: ئەم تەوەرەیە خۆی لە باسی وەرزی پایز و کاریگەریی بەسەر شاعیرانەوە دەبینێتەوە، لەگەڵ نمونەی شیعری چەند شاعیرێکی کۆن کە دێڕە شیعر یان قەسیدەی پایزییان هەیە، وەک شاعیران (بێسارانی و مەولەوی و نالی و سالم) و دەرخستنی ئاستی ڕۆمانسییەتی ئەم دەقانەدا.

تەوەرەی دوەم: ئەم تەوەرەیەش خۆی دەبینێتەوە لە کورتە باسێک دەربارەی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبی کوردی و تایبەتمەندی ڕۆمانسی کوردی و شیکردنەوەی (سێ) دەقی شیعری پایزییە کە پێکهاتون لە دەقی شاعیران (بێسارانی و هێمن موکریانی و حەسیب قەرەداغی). لە شیکردنەوەی ئەم دەقەدانەدا گرنگیی دراوە بە تایبەتمەندییە ڕۆمانسییەکانی ناو ئەم دەقانەو دۆزینەوەی پەیوەندی شیعری پایزی و

ڕێبازی ڕۆمانسی و ئاماژەی کەرەستە پایزییەکان، لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکەشمان لە چەند خاڵێکدا خستوەتەڕو.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی وەسفیمان بەکارهێناوە، لە هەندێ شوێنیشدا میتۆدی شیکاری دەرونیی دێتە ناو توێژینەوەکەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاوەک و ئێستە هیچ توێژینەوەیەک نییە کە باس لە پەیوەندی نێوان شیعری پایزی و ڕێبازی ڕۆمانسیدا بکات، بەڵام دەتوانین چەند توێژینەوەیەکمان بەرچاوبکەوێت دەربارەی شیعری پایزی، ئەوەی تاوەک و ئێستا بەرچاومان کەوتوە، دو توێژینەوەی کە هەردوکیان لەسەر شیعری پایزی (بێسارانی) کراوە، یەکیان لە ژمارە (5) ساڵی (2006)ی گۆڤاری زانکۆی کۆیە بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (تێکستە پایزییەکانی بیسارانی) لەلایەن (د.محەمەد ئەحمەد کەساس)ەوە ئامادەکراوە، ئەویتریان لە ژمارە (20)ی حوزەیرانی (2007) بەشی ( (B گۆڤاری زانستی زانکۆی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە بە نانیشانی (مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بیسارانیدا) لە لایەن (د.ئەنوەر قادر محەحەد)ەوە. سنوری توێژینەوەکەمان خۆی لە چەند دێڕە شیعرێکی پایزی شیعری کۆن و (سێ) دەقی شیعری پایزی دادەبینێتەوە کە شیمانکردونتەوە و بنماکانی ڕۆمانسییمان تیادا دەستنیشانکردوە.

## وەرزی پایز کاریگەری بەسەر شاعیرانەوە:

پایز یەکێکە لە چوار وەرزەکەی ساڵ کە لە سنوری جوگرافی کوردستان زۆر بە جوانی دەردەکەوێت، بە ڕۆژمێری زایینیی لە (9/21)وە، دەستپێدەکات هەتا (12/21)بەردەوام دەبێت، لە مانگەکانی (ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دوەم) پێکدێت و بە ڕۆژمێری کوردی مانگەکانی (ڕەزبەر، خەزەڵوەر(گەڵاڕێزان). سەرماوەرز) دەگرێتەوە، لەم وەرزەدا گۆڕانکاری زۆر لە کەشوهەودا ڕودەدات، گژوگیا زەرد دەبن و درەختەکان بەرهەمەکانیان پێدەگات و گەڵای دار دەوەرێت و باران و وەرزی سەرماو چاندنی تۆو و دەغڵودان دەستپێدەکات، شەوگار درێژ و ڕۆژ کورت دەبێتەوە، ڕەشەبا و زاریان خویان دەنوێنن. هەمو ئەمانە کاریگەری دەبێت بەسەر باری دەرونی شاعیران و هەست و سۆزیانەوە، شاعیران دیاردە و ڕوداو و کەرەستە پایزییەکان بۆ زۆر مانا و مەبەستی جیاجیا لە شیعرەکانیاندا بەکاردەهێنن و شیعری پایزی لێدروستدەکەن.

## شیعری پایزی و کەرەستەی شیعری پایزی:

شیعری پایزی ئەو شیعرانەن کە خۆیان لە چوارچێوەی شیعری سروشتیدا دەبیننەوە، و باس لە وەرزی پایز و دیاردە و پێکهاتەکانی ناو ئەم وەرزە دەکەن و بۆ مانا و مەبەست و ئاماژەی جۆراوجۆر بەکاریدەهێنرێن. هەرچی کەرەستەی شیعری پایزیشە کۆی ئەو وشە و دەستەواژانە دەگرێتەوە کە باس

لەوەرزی پایز و ڕوداو و گۆڕانكارییە بەرجەستە و واتاییەكانی ناو ئەم وەرزە دەكەن و بۆ واتاو مەبەست و ئاماژەی تایبەتی بەكاردەهێنرێن. هەر لەم ڕووەوە شاعیرێكی وەك بێسارانی ((چەمكەكانی سروشت و كەرەسە و دیاردەكانی، پایز و خەزان و هەڵوەرین و دابڕان و تورەی و خەمناكی لەلایەك، لەلایەكی تر خودی وباری سایكۆلۆژی و كزی ولاوازی مۆنۆلۆژی ناخی خۆی بەرامبەر و هاوتا كردوە كە ئەنجامی لەناوچون فەنابونە)) (سعید، 2006: 131).

## بەكارهێنانی كەرستەی شیعری پایزی لای شاعیرانی كۆن ڕەنگدانەوەی ڕۆمانسییەت تیایاندا:

هەروەك دەزانرێت، ئاوڕدانەوە لە سروشت و بەرجەستەكردنی لە شیعردا یەكێكە لە خەسڵەتەكانی شیعری ڕۆمانسی، لە نێو دیاردە سروشتییەكانیشدا وێناكردنی وەرزی پایز زیاتر شیعر بەرەو ڕۆمانسییەت دەبات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە شیعری كۆندا باسی پایز نەكرابێت. بەڵكو زۆر لە شاعیرە كۆنەكان باسیان لە پایز كردوە یان وەك ڕەمزێك لە شیعر و غەزەلەكانیاندا بەكاریانهێناوە، بۆنمونە: نالی یەكێكە لە ئەو شاعیرە كۆنانەی كە دەتوانرێت لە دیوانەكەیدا زۆر كەرستەی شیعری پایزی بدۆزرێتەوە، لێرەدا چەند نمونەیەكی دەخەینەڕو:

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم

كەوا فەقری غینایە، مردنی ژین

تێدا ئومێد و بیم گریەو سۆز

بەهار و پایز و زستا و هاوین (مدرس et al، 1391: 362)

هەرچەندە لە شیعری كلاسیكدا، سەربەخۆی واتای دێڕە شیعرەكان پارێزراون، بەڵام پێویستە واتای ئەم دو دێڕە پێكەو لێكبەدەینەوە بەم شێوەیە، واتای گشتی دەقەكە دەرخستینی جیهانی فراوانی دڵ و ئەهلی دڵە، خاوەن دڵدران جیهانێكی وەهایان هەیە كە توانای كۆكردنەوەی حاڵە جیاواز و دژبەیەكەكانی هەیە، هەر بۆیە شاعیر كەسی بەرامبەر و دوێنراو بانگ دەكات پێی دەڵێت: وەرە تا جیهانی دڵت پیشاندەم، بانگ كردن بەم دەستەواژەیە دەستبەجێ دوێنراو كێشدەكات بۆ گوێگرتن و شاعیریش بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لە جیهانی دڵدا هەژاری دەوڵەمەندییە، مردنیش ژیانە. واتا ئەو كەسانەی كە خاوەنی دڵن پاش مردن ژیانیان دەست پێدەكات و بە سەروەت و سامانی نەبڕاوە دەگەن، لە جیهانی دڵی دڵداردا ئومێدێك هاوچەشنی بەهار و ترسێكی پایزی و گریانێكی فرمێسك بارانی وەك زستان و دڵێكی پڕ لە سۆزی وەك گەرمای هاوین هەیە. هەرچەندە نالی هەر چوار وەرزەكەی ساڵی بەكارهێناوە بۆ دەرخستنی جیهانی دڵی دڵدار بەڵام ئەوەی لەم دو دێڕەدا پەیوەندی بە باسەكەی ئێمەوە هەیە، وێناكردنی وەرزی پایزە بە ترس و بیم، هۆكاری ئەم

ترس و بیمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەشوهەوا بەرچەستەیەی کە وەرزی پایز دروستی دەکات و کاریگەری بەسەر دەرونەوە دەبێت و ترس بیمی لێپەیدا دەبێت، ئەمەش کەشێکی ڕۆماسی دێنێتە ئاراوە.

هەورەها نالی لە دەقێکی (23) دێڕە شیعریدا، وەسفی حوجرەکەی دەکات و باسی حاڵی حوجرە و ژیانی خۆی لەناویدا دەکات، لە یەکێک لە دێڕەشیعرەکانیدا باس لەوە دەکات کە سەربانی حوجرەکەی لە بری ئەوەی کای پیادا بکرێت، بۆ ئەوەی سەربانی حوجرەکەیان بەهێزبێت و تکە نەکات گەڵای پایزی پیادا دەکرێت و دەڵێت:

ڕۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتی کا، گەڵای پیادا دەکەن

وەک گەڵاڕێزانی پایز یەک یەکی دەڕژێتە ناو (مدرس et al.، 1391: 368)

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی بەم جۆرە واتای ئەم دێڕەیان کردوە ((حوجرەکەی ئێمە ئەوەندە شەق و شڕ بو بۆ ئەوە ناشێ کای پیا بکەن، گەڵای درەختی پیا ئەکەن وەک بڵێی تازە دارەڕا کرابێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گەڵاکانیان یەک یەک ئەکەونە خوار وەک بڵێی گەڵاڕێزانی پایز بێ.)) (مدرس et al.، 1391: 368).

نالی بە بەکارهێنانی کەرەستی پایز لە وسفکردنی حوجرەکەی بەردەوامەوە ئەمجارە باسی سەرمای سەرتای پایزدەکات لە حوجرەکەیدا دەکات و دەڵێت: هەر لەم سەرتای وەرزی پایزەوە حوجرەکەمان هێندە ساردە دەڵێی ئەو چوار تاقەیە[i] کە سەرما لە هەرچوار لاوە هێرشی بۆ هێناوە و خودی سەرما لەناو حوجرەکەدا سەرمای دەبێت، بە وێنەیەکی هونەریی زۆر جوان سەرمای سەرتای وەرزی پایز دەردەخات.

هەر لەئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ

ڕەنگە ناوی لێ بنێی چوار تاقی سەرما تێ خزاو(مدرس et al، 1391: 369)

ئەگەر لەم دێڕەدا بە هاوەڵکاری کاتی (هەر لەئێستاوە) ئاماژەی بۆ سەرتای وەرزی پایز کردبێت و بە باسی سەرمای تەزێنەری ناو حوجرەکەی باسی لە سەرمای سەرتای وەرزی پایز کردبێت، ئەوا لە دێڕی دوای ئەمەشدا بە کەرەستە پایزییەکانی (ئاسمان، هەور، غەمگین) دو دێڕی پێش خۆی بە تەواوەی دەکات بە شیعرێکی پایزی و دەڵێت:

ئاسمان هەورین دەبێ، ئیمەش بە غەمگینی دەڵێین:

ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو؟! (مدرس et al.، 1391: 369)

وەکو دەبینین بە هاتنی یەکەمین هەورەکانی وەرزی پایز ئەمانیش غەمبار دەبن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەشی پایزی و شڕو شەپڕێوی حوجرەکەیان.

ئەوەی لە ئەم سی دێڕە شیعرەی نالیدا بەدیدەکرێت بەکاری هێنانی وەزی پایز و کەرەستە پایزییەکان بۆ زیاتر وەسفی حاڵی حوجرەکەی بەکارهاتوەو کەمتر خودییەت تیادا دەبنرێت، ئەمەش شیعرەکە لە تایبەتمەندییەکی گرنگی ڕۆمانسییەت دوردەخاتەوە، بەڵام لەنێو دێڕە شیعرەکانادا باس و خواس و وشەگەلی وەک: (شەو، سەرما، هەور، غەم) دەبینرێت، کەئەمانەش وشەی ڕۆمانسین. دەتوانین بڵێین لە ئاستی وشەدا تایبەتمەندی ڕۆمانسی بەدی دەکرێت بەڵام لە ڕوی بابەتییەوە لە ڕۆمانسییەت دورە.

نالی لە دێڕە شیعرێکی تردا دو کەرستەی شیعری پایزی بەکارهێناوە کە بەشێکن لە شەوگاری پایز یەکێکیان شەوی یەڵدایە کە دریژترین شەوی ساڵە و کۆتا شەوی وەرزی پایزە. ئەوی تریان شەوی دەیجورە کە تاریکترین شەوانی ساڵە، مادەم شەوانی دەیجوریش تاریکە کەواتا درێژیشە چونکە تا شەو درێژتربێت تاریکتریشە، کەواتە ئەو شەوانەش هەر دەبێت لە ناو وەرزی پایزدابن. چونکە درێژترین شەوانی ساڵ یەکسانە بە تاریکترین شەوان، بە تایبەتی ئەگەر هەور و هەڵاو بارانیشبێت.

شەوی یەڵدایە، یا دیجورە ئەمشەو

کەدیدەم دور لە تۆ بێ نورە ئەمشەو؟!(مدرس et al، 1391: 397)

لەم دێڕەدا نالی وێنەی دو شەوی شەوگاری پایزمان پیشاندەدات و کە تاریک و بێ ڕۆشناین، نالی حاڵی خۆی لەدوری یار دەچوێنێت بە ئەم دو شەوە و دەڵێت: لە دوری تۆ دیدەم بێنورە وەک شەوی یەڵدا و دەیجور. شەو و دوری یار لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا پێگەیەکی گرنگی هەیە بۆیە لەم شیعرەشدا هەست بە کەشی ڕۆمانسی دەکرێت.

یەکێکی تر لە شاعیرانی کۆن، کە کەرەستە پایزیی لە شیعرەکانیاند بەکارهێناوە سالمە، ئەگەر سەیری دیوانەکەی بکەین دەبینین لە چەندین دێرە شیعریدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرزەکانی ساڵ بەکارهێنراون و هێماو ئاماژەی تایبەتی پێداون، بەتیابەتی بەهار، هەروەها وەرزی پایزیش لە دێڕە شیعرەکانی سالمدا بەدیدەکرێت، بەڵام بۆ دروستکردنی واتای کاریگەر زیاتر لەگەڵ وەرزەکانی تردا پێکەوە بەکاریهێناون:

تەماشا کەن بەهارستانی دڵبەر خەزان دینی

لە شیهرەی ((سالم))ی بێچارە، ڕەنگی کەهرڕوبا زاهیر (مودەرریس، et al، 2015: 366)

واتە ((وەرن سەیری ئەم ناکۆکییە بکەن، کە چۆن دڵبەر دەبێتە هۆی خەزانی ڕەنگ زەردی من. کاتی دڵخۆشی یار، ڕەنگی زەردی کارەبا لە ڕوخساری سالمی بێ چارەدا دیار وئاشکرایە.)) (مودەرریس، et

al، 2015: 366). جگە لە ئەم لێکدانەوە دەکرێت مەبەستی سالم لە ڕەنگ زەردبونی، لەکاتی بینی ڕەنگ و ڕوی جوانی یاریدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە یەکسەر بکەوێتە بیری دابڕان و جیابونوەی یاری ئەمەش توشی دڵەڕاوکێ و ترسی بکات ڕەنگە زەرد بێت، بەکارهێنانی وشەی کارەبا و بەستنەوەی بەواتای ڕەنگ زەردی پایزەوە، نوێگەرییەکە بۆ ئەو کاتەی کە سالم ئەم شیعرەی تیادانوسیوە.

سالم لە دێڕە شیعرێکی تریدا هەرچوار وەرزەکەی ساڵ پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەشێوەیەکی ڕەوانبێژی ناوازە حاڵی خۆی بە وەرزەکانی ساڵ دەچوێنێت، بە کۆکردنەوەی چوار وەرزەی ساڵیش لە دێڕە شیعرێکدا چواندنی حاڵی خۆی بەو وەرززانەی ساڵ وێنەیەکی چڕوپڕو سەرنج ڕاکێشی دروستکردوە.

چهار فەصڵی، لە هەر فەصڵا بە یەکدەم والە لای ((سالم))

بەهار ئەشک و خەزان ڕەنگ و زمستان ئاهـ و دڵ هاوین! (مودەرریس، et al.، 2015: 603)

دەتوانین ئەم دێڕە بەم شێوەیە واتا بکەین: لە هەر ساتێکدا هەر چوار وەرزەکەی ساڵ وا لە لای سالم و لە ناخ و ڕوخساریشیدا دەبینرێت، فرمێسکی وەک بارانی بەهارە، ڕەنگی زەردە وەک خەزان، هەناسە ساردە وەک زستان و دڵیشی گەرمە وەک هاوین. ئەوی پەیوەندی بە باسی ئێمەوە هەیە لە ئەم دێڕە شیعرەدا سالم ڕەنگ زەردی خۆی چواندوە بە ڕەنگ زەردی پایز و وێنیەکی جوانی لێدروستکردوە، لەم لێکچواندنەشدا تەنها لێچو کە ڕەنگە خۆیەتی و لەو چو کە پایزە بەکارهاتوە و ئەوزارەو ڕوی لێکچواندنی بەکارنەهێناوە.

بەهۆی بەکارهێنانی وەرزکانی ساڵ بۆ دەربڕینی حاڵی خودی و خستنەڕوی خودییەت بەم شێوە هونەرییە بەرزە، هاوتا لەگەڵ باسی خەم و خەفەت و ئاهی سارد ناوەڕۆکێکی ڕۆمانسی بەرز بە ئەم دێرە شیعرە دەبەخشرێت.

بێسارانی شاعیریش وەکو کۆنترین شاعیری ناو ئەم شاعیرانە، کە بەشێوەزاری گۆران شیعری نوسییەوە و ((سروشت هەمیشە بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی شاعیرانی ئەم دیالێکتە بوە. بێجگە لە تەرخانکردنی غەزەلی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە، لە شیعر و نیگارکێشانیشدا ئەرکێکی هونەری گرتوتە ئەستۆ و بەشێکی سیستێمی وێنەی شیعری و بونیادی پێکهێناوە)) (محەمەد، 2007: 7). بابەتی پایز لە شیعری بێسارانیدا بابەتێکی بەرچاوە، لە دیوانەکەیدا [ii] (نۆزدە) غەزەلی تایبەت بە پایزی هەیە. سەرجەمی غەزەلەکانی ئەم دیوانە (سێ سەدو شەش) غەزەلن، هەروەها لە هەندێ دێڕو شوێنی تری شیعرەکانیدا پایز و وێنەی پایز بەدیدەکرێن (محەمەد، 2007: 8). بۆیە بەپێویستی دەزانین نمونەی شیعری پایزی شێوەزاری گۆرانیش بهێنینەوە، بێسارانی دەڵێت:

چراخ! وە ڕەزان، چراخ! وەڕەزان

ئارۆ ڕییم کەوت شیان وە ڕەزان

بە زوان هاڵ پەرسام جە خەزان

تەن بیەن مەجروح چون ماران گەزان

واتم هەی خەزان ڕەژیدەی چەمەن

ئوستاد نەققاش بلەرم یەمەن (حەبیبی، 2020: 268)

واتا: ئەی یار[iii] ئەمڕۆ ڕێم کەوتە ناو باخەکان و ڕۆشتم بۆ ناو باخان، بەزمانی حاڵ پرسیارم کرد لە گەڵای وەریوی دارەکان، کە جەستەتان وەک چەستەی مرۆڤێکی مارنگەستە بریندار بوە لە لە دوری لقی دارەکان؟ وتم هەی گەڵای وەریوی درەختەکان، کە بەدەست مامۆستای درەختەی بلەرمی یەمەنییەوە، لە ناو چەمەنستانا کێشراویت.

لێرەدا بێسارانی چەند کەرەستەیەکی شیعری پایزی بەکارهێناوە وەکو (باخ و باخات یان ڕەزەدێم لە وەرزی پایزدا، گەڵای وەریو، سەوزەگیای وەرزی پایز) لەم کەرەستانە چەند وێنەی دروستکردوە ((شاعیر لەناو ڕەزە دیمەکاندا وەستاوەو، گەڵایەکی وەریو دەدوێنێ و گەڵاکەی دەبێتە هاوخەم و زمانحاڵی شاعیر... ئەمە مرۆڤاندنی سروشتەو هێنانە زمانییەتی، کە ناڕاستەوخیی و ناسکبێژییەک دەداتە غەزەلەکەو بە پێزی دەکات)) (حەبیبی، 2020: 15). سروشت کارەکتەری سەرەکییە لەم شیعرەدا، ئەمش شیعرەک بە ئاڕاستەی ڕۆمانسییەت ڕادەکێشێت.

مەولەویش وەک یەکێکە لە شاعیرە کۆنەکان، بە گەڕنێکی کەم بەناو دیوانەکەیدا بە ئاسانی شیعری پایزیت بەرچاو دەکەوێت. کە ماناو مەبەستی تایبەتی داوە بە کەرستەو وشە پایزییەکان، بۆنمونە لە شیعرێکیدا کە بۆ هاوڕێکی نوسیوە کە وەرزی پایز هاتوە و ئەو هەر لە کوێستان ماوەتەوە نەگەڕاوەتەوە بۆ گەرمیان (مدریس، 1386: 348). دەڵێت:

فەسڵ نەو پایز تازەکەردەن مەیل

شەماڵ هەرزان کەرد ڕشتەی نەو سوەیل (مدریس، 1386: 348)

واتا: وەرزی پایز هاتەوەو مەیل و پەیمانی نوێکردەوە بای شەماڵیش ئەو گەڵانەی وەراند کە ئەستێرەی سیوەیل ئەوانی زەرد و هەرزان و کەم بایەخی کردبو.

لەم دێڕەدا سێ کەرەستەی شیعری پایزی بەکارهێنراوە، کە ئەمانەن (پایز، بای شەماڵ، ئەستێرەی سوەیل) و وەس فێکی سەرتای هاتنی وەرزی پایزیان پێدەکات.

گێج سەر کاوان جە سەردی بین کەیل

بۆ مدان چون بۆی بێ وەفای لەیل (مدریس، 1386: 348)

واتا: ((چاڵ و شیوی شاخەکان پڕبون لە سەرما،وە وەک بێ وەفایی لەیل چۆن بۆنی دێ، ئەوانیش بۆنی سەرمایان لێدێ)) (مدریس، 1386: 348). ئەگەر سەرنج بەدەین ئەم دێڕە شیعرە لە ئاستێکی زۆر بەرزی هونەریدایە، چونکە وێنەی هەستی بۆنکردنی دروستکردوە لە شتێک کە بۆنی نییە ئەویش بێوەفای یارە، بۆنی سەرمای وەرزی پایز کە شیو و شاخ و دۆڵی پرکردوە چواندوە بە بۆنی بێوەفای لەیلا. واتا بۆنێکی هێناوەتەبون کە بونی نییە پاشان بۆنی سەرماش کە بەلوت و هەستەوەری بۆنکردن هەستی پێناکرێت، چواندوە بە بۆنی بێوەفای یار(لەیلا). واتە نەبویەکی هێناوەتە بون نەبویەکی تری پێ چواندوە. کە ئەمەش شتێکی ناوازەو سەرنج ڕاکێشە.

بەر کەنار کزەی دەرون پڕ داخان

پەی تۆ تەسدیعەن سەردی لەیلاخان (مدریس، 1386: 348)

لەم دێڕەشدا هاوشێوەی دێڕی پێشوتری خۆی وشەی (کزەی سەرما)ی بەکارهێناوە، دەرونی خودی شاعیر لە تاو دوری یار دەتەزێت، لەم دێڕەدا مەولەوی هەوڵی ئەوە دەدات بە هۆی کزەی سەرماوە کزەی دوری دۆستان بەبیر دۆستەکەی بهێنێتەوە و کاریگەری هەبێت بەسەریەوە هەتا بگەڕێتەوە بۆ گەرمیان و هەم خۆی لە کزەی سەرما بپارێزێت و هەم دۆستانیشی لە کزەی دوری ڕزگار بکات.

لەم نمونانەدا دەبینین کە مەولەوی وێنەی شیعری لە کەرستە پایزییەکان دروستکروە ئاماژەی تایبەتی پێداون، بۆنمونە: کزەی ساردی پایز ئاماژەیە بۆ کزەی دوری یار، بۆنی ساردی سەرما ئاماژەیە بۆ بۆنی دوری یار... هتد. کۆی ناوەڕکی شیعرەکەش لە دەوری دوری و دابڕان لە یار لەخۆدەگرێت کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی تایبەتی شیعری ڕۆمانسییە.

## ڕۆمانسییەت لە شیعری پایزی کۆنی کوردیدا:

پاش دەست نیشانکردنی کەرەستە و وشە و دەستەواژەی شیعری پایزی و لێوردبونەوە لە شیعرە پایزییەکان دەگەینە ئەو ئەنجامە کە شیعری پایزی بابەتێکی گرنگی ناو شیعری ڕۆمانسی کوردییە، پێش سەرهەڵدان و پەیدابونی ڕێبازی ڕۆمانسیزم شاعیرانی کۆنی کورد جگە لە ئەوەی شیعری پایزییان هەبوە و لە شیعرەکانیاندا وشەو کەرستەی پایزیشیان بەکارهێناوە، شیعرە پایزییەکانی بێسارانی و مەولەوی بەڵگەی ئەم ڕاستیەن، بێسارانی ((کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ڕۆمانسیزم وەک سروشت و خودی و ئافرەت و

خۆشەویستی و ڕەشبینی و خەمناکی بەشێوەیەکی گونجاو و ڕۆمانسیانە لەگەڵ دیمەنە و تابلۆ پایزییەکانی تریفەی کردون ئەگەر لە تەوەرەو پایەکان بەرزتر نەبن ئەوا هاوشانیانە)) (سعید، 2006: 131).

هەروەها لە هەندێ نمونەی شیعریی کۆندا ئەوە بەڕونی دەبینن کە شاعیران پایز و کەرستە پایزییەکان بۆ دەرخستنی حاڵی خۆیان بەکارهێناوەو خودییەتی خۆیان بە پایز چواندوە، کە ئەمەش سیماو تایبەت مەندییەکی شیعری ڕۆمانسییە، وەک شیعرەکەی سالم کە پێشتر لەسەری دواوین و دەڵێت:

چهار فەصڵی، لە هەر فەصڵا بە یەکدەم والە لای ((سالم))

بەهار ئەشک و خەزان ڕەنگ و زمستان ئاهـ و دڵ هاوین! (مودەرریس، et al.، 2015: 603)

بەڵام نالی لە و شیعرەیدا کە باس لە حوجرەکەی دەکات لەڕێگەی پایز و کەرستە پایزییەکانەوە باسی حاڵ و باڵی خۆی ناکات و باسی حاڵ وباڵی حوجرەکەی دەکات و لە خودی خۆی نەدواوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی بەڵکو کەرستە پایزییەکانی بۆ باسکردن لە بابەتێکی دور لە خۆی بەکارهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە لە شیعری کۆندا کەرستە پایزییەکان جگەلەوەی کە بۆ شەرحی حاڵی خودی بەکارهاتوە بۆ شەرحی حاڵی غەیرە خودیش بەکارهاتوە.

شیعرە پایزییەکان و کەرستەی شیعری پایزی کێشمان دەکەن بۆ شیعری ڕۆمانسی، بۆیە بە پێویستی دەزانین کورتەیک لە سەرتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبی کوردیدا ئاماژە پێبدەین، ((کە باس لە دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی ڕێبازی ڕۆمانسییزم لە ئەدەبی کوردیدا دەکرێ ڕاستەوخۆ بە تازەبونەوەی ئەدەبی کوردیی دەبەسترێتەوە، بەو پێیەی هەرچی ئەدەبی کوردی پێش ڕۆمانسییزم هەیە دەچێتە خانەی ئەدەبی کلاسییزمی کوردییەوە)) (حوسێن، 2007: 109). زۆربەی توێژەران سەرتاکانی سەدەی بیستەم بە سەرتای دەستپێکی ئەدەبی نوێی کوردی دادەنێن، بەتایبەتی فەرهاد پیرباڵ لەم ڕوەوە دەڵێت ((ئێمە ساڵی 1898 دەکەینە بەرواری سەرهەڵدانی ((شیعری نوێ)) و تەنانەت ئەدەبی نوێش)) (پیرباڵ، 2005: 24)، چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی هەن کە بوە هۆی ئەوەی لەم ساڵانەدا ڕێبازی ڕۆمانسی لە کوردستان بڵاوبێتەوە، گرنگترینی سەرهەڵدانی دروستبونی یەکەم ڕۆژنامەو چاپخانەی کوردییە، کە دەبێتە بەردی بناغەی ڕۆژنامەنوسی کوردیش لە ساڵی (1898) هەر ئەمەشە وای لە پیرباڵ کردوە کە تەنانەت ساڵی سەرتای سەرهەڵدان و بڵاوبونەی ئەدەبی نوێی کوردی دیاری بکات.

هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕێکخراو سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانسییزمی کوردی لە شیعرەکانی پیرەمێرد و شێخ نوریدا دەرکەوت و دواتر گۆران بوە یەکێ لە دیارترین ڕابەرانی ئەوم ڕێبازە. بەڵام دەبێ ئەوەش بخەینەڕو، کە پێشتر سیما و تایبەتمەندی ڕۆمانسیی لە شیعری کوردی شێوەی گۆران(هەورامی)دا دەرکەوتوە، کاریگەریان هەبوە بەسەر شاعیرانی پاش خۆیان، بەتایبەتی کاریگەری مەولەوی و خانەی

قوبادی و بێسارانی بەسەر شاعیرانی وەکو پیرە مێرد و گۆران بە ڕونی هەستی پێدەکرێت (حوسێن، 2007: 111). سەرەتای شیعری ڕۆمانسی لە ناو ئەدەبی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بێسارانی، چونکە ((شاعیرێکە بۆ یەکەمجار لە چوارچێوە ئاینییەکە ترازاوە بابەت و ناوەڕۆکی وەسف و کۆمەلایەتی و خۆشەویستی و لیرکایی خستوەتە نێو فەزای شیعرەوە)) (سعید، 2006: 131). کەواتە ئەگەر سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەرتای هاتنە ناوەوەی ڕێبازی ڕۆمانسی بێت بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی، مێژوی شیعری خاوەن تایبەتمەندی ڕۆمانسی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (حەڤدە).

پاشان شاعیری شێوەزاری گۆران(هەورامی) مەولەوی داهێنەر و گەشەپێدەری ڕۆمانسی کوردییە، بەلام شیعرە ڕۆمانسییەکانی بێسارانی کۆنترە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتە تایبەتە ڕۆمانسییەکە ناوچەی هەورامان، بێسارانی پێش شیعری ڕۆمانسی شاعیرانی ئەوروپیش کەوتوە، چونکە بێسارانی زیاتر لە سەدە و نیوێک پێش (فیکتۆر هۆگۆ) تەقەی لە دەرگای ڕۆمانسی داوە، کەواتە ئەگەر سەرتای دەرکەوتنی ڕۆمانسی ئەوروپی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (هەژدە)و سەرەتاکانی سەدەی (نۆزدە) بگەڕێتەوە ئەوا شیعری ڕۆمانسی کوردی سەدە و نیوێک پێش دەرکەوتنی ڕۆمانسی ئەوروپی دەرکەوتوە ئەگەر تەنها بێسانیش هەژمار بکەین و بۆ شاعیرانی پێش بێسارانیش نەگەڕێنەوە (سالح، 1375: 24- 25).

## سیماکانی شیعری ڕۆمانسی:

بەشێوەیکی گشتی سیما و تایبەتمەندی شیعری ڕۆمانسی ((خەم و پەژارەو ژانی دوریی یارو تەنیایی و هەستکردن بە بێبەشبون لە ژیان، ماکێکی سەرکیی شاعیرییەت و بەرهەمی ڕۆمانتکییەکان بو بەڕادەیەک وای لیهاتبو ڕەشبینی بالی بەسەر بەهەمەکانیاندا کێشابو)) (الاصفر، 2008: 71). لە ڕوی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە (ڕزگار عومەر فەتاح) لە کتێبی (ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوری دا) بەم شێوەیە ئاماژە بە خاسییەت و تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەکات لەم خالانەدا کورتی دەکەینەوە:

1- بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆمالی دورکەوتنە لە یەکێتی سەروا ئەم هەنگاوەش وردە وردەو هەنگاو بەهەنگاو ڕوی دا.
2- سادەی و ڕەوانی لە زمانی شیعریدا و ڕونی ئاشکرای لە واتاداو جوانی لە ئاوازدا.
3- بەکارهێنانی وێنەی و تابلۆی شیعری تازە.
4- یەکێتی بابەت، واتا هەمو شیعرەکە باس لە یەک بابەت بکات.
5- سروشت وەک کەرستەیەکی نوێی شیعری و مامەلەیەکی نوێ لەگەل سروشتدا.
6- ئافرەت و جوانی ئافەرت و خۆشەویستی.
7- نیشتیمان ونیشتیمان پەروەری.

8- ئەنێشەو خەون وخەیاڵ.

9- هەست و سۆز و بەزەی... سەرەڕای ئەمانەش شیعری ڕۆمانسی کوردی گەلێک تایبەتمەندی تری هەیە وەک گرنگی دان بە خودییەت و تاکییەتی و گۆشەگیری و گەڕانەوە بۆ ڕابردو نامۆی دلەڕاوکێ و ڕەشبینی لە گرنگترین تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری ڕۆمانسی کوردر (فەتاح، 2013: 40- 41).

ئەگەر ئێمە ئەم خاڵانە بکەین بە پێوەر و شیعری پایزی پێ بپێوین دەبینن زۆربەی زۆری شیعرە پایزییەکان دەچنە خانە ڕۆمانسییەتێکی ڕون ڕەوانەوە هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی شیعری ڕۆمانسی و ڕێبازی ڕۆمانسیزم شیعری پایزیش زیاتر گەشەی کرد.

## خوێندنەوە بۆ چەند دەقێکی شیعری پایزی لە بەر ڕۆشنای ڕێبازی ڕمانسیدا.

### 1- **بێسارنیiv**

بێسارانی بە یەکەم شاعیری کورد دادەنرێت کە شیعری پایزی هەیە و تایبەت مەندی شیعری ڕۆمانسیش لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، ((زۆرترینی تێکستەکانی بۆ پایزو کەرسە پایزییەکانی سروشت تەرخانکردوە)) (سعید، 2006: 131). بۆیە لێرەدا نمونەی شیعرەی پایزیی بێسارانی و تایبەتمەندییە ڕۆمانسییەکانی بە پێویست دەزانین:

پایز نمانا .......

نیشانەش بە باد ستەم نمانا

خەتی غەضەبناک خەزانا وانا

پەل پەل و زار زار لە ڕوی خاک شانا

چەند سەرتاپا سەوز وێنەی سەیدان

چەند بەرگی هۆنین وێنەی شەهیدان

چەند بە بارگەی بەرگ هۆنەوە

مدرابێ چون کۆی بێستونەوە

سەد هەزار ڕەنگ نەمایە شان بێ

دڵدار و بێ دڵ نەسا یەشان بێ

ناگا باد ئاما چون حاڵ نەزانان

بریش تەنافان چەتری خەزانان

پارە پارش کەرد وەڵگی جامەدار

ڕێزە ڕێزە بی، گرد ئاما بەوار

ستونان مەندن سەرتاپا سیا

وێنەی غولامان جە حەبەش زیا

منیچ چون ئەوان دەرون سفتەنان

بە بادی غەزەب سەدجار کەفتەنان (ساڵح، 1375: 73- 74).

واتا: ((پایز بە هۆی بای ستەم زۆردارەوە خۆی نواند. خەتی قین و توڕەیی گەڵاکانی خوێندەوە، گەڵاکان پەل پەل و بە کزۆڵییەوە کەوتنە سەرخاک. چەند دارستانی سەتاپا سەوز کە لە سەیدەکان ئەچن، لەگەڵ چەند گوڵی بە بەرگ خوێنین دا کە لە شەهیدەکان ئەچن. چەند بیمارو خەستەی لەش بە خوێنەوە بە پێوە وەستابون هەروەک و شاخی بێستون. سەد هەزار ڕەنگ سەرمایەیان بو، دڵدارەکان و ئەوەنانەش کە دڵدار نەبون لە ژێر سێبەریاندا ئەحەسانەوە. لە پڕێکا (با)ی حاڵ نەزان هات و تەنافی لاسکی گەڵاکانی بڕی. بەرگی گەڵاکانی لەتلەت کرد و هەمویانی ڕێزە ڕێزە خستە خوارەوە. هەر درەختەکان بە ڕەش پۆشی مانەوە، وەکو غولامانی حەبەشە بە پێوە وەستابون. منیش وەک ئەو دارانە دڵم سوتاوەو بە بای غەزەب سەد جار کەوتومەتە سەر زەوی)) (ساڵح، 1375: 73- 74).

## کەرستە پایزییەکانی ناو ئەم شیعرە:

ئەگەر سەیرێکی پێکهاتەی گشتی شیعرەکە بکەین دەبینین لە (نۆ) دێڕە شیعر پێکهاتوە (دو) دێڕی یەکەم ئەو تابلۆیە دەکێشێت کە بایەکی زۆرداری بێڕەحم هەڵدەکات و گەڵای دارەکان کە توڕەن لەم بایە بە خەمناکییەوە دەوەرێنێت، پاشان لە دێڕەکانی (سێیەم و چوارەم و پێنجەم)دا، لە تابلۆیەکی بەهاری دار و درەخت و دارەستانەکانمان بۆ دەنەخشێنێت، کە چۆن دارستانەکان دەڵێی سەیدی سەرتاپا سەوزن و گوڵاڵە سورەکان کە ڕەنگەکەی دەڵێی خوێنی شەهیدن، هەروەها چەندین کەسی نەخۆش سەرەڕای نەخۆشیان هێشتا هەر دەڵێی کێوی بێستونن بە پێوە وەستاون و لەم بەهارەدا بە هیوان، دارو درخەت و سروشت کە خاوەنی سەدهەزار ڕەنگن، عاشقان و ناعاشقانیش لە ژێر سایەیاندا دەحەسێنەوە. پاشان لە (چوار) دێڕی

کۆتایدا دیسان تابلۆی پایزی دێتەوە ناو دەقەکە و ئەم بەهارە لەناو دەبات. بای بێئاگا لە حاڵی گەڵا و گوڵ، هەموویان لەناو دەبات، درەختەکان ڕوت و ڕەش هەڵدەگەڕێنێت وەک کویلەی حەبەشی، لە دێڕی کۆتایدا شاعیر حاڵی خۆی وەک حاڵی ئەو درختە دەچوێنێت کە دەڵێی کۆیلەی حەبەشییە.

کەواتە تابلۆی شیعریەکەمان تابلۆیەکی بڕگەییەو لە سێ بڕگە پێکهاتوە کە لە پایزەوە دەچێتە بۆ بەهار دیسانەوە لە بەهارەوە بۆ پایز دێتەوە، لە کۆی ئەم (نۆ) دێڕە شیعرە (پێنج)یان پایزین، لە ناو تابلۆ شیعرییەکەشماندا، چەندین کەرەستەی پایزیمان هەیە کە وێنەی پایزی دروست دەکەن و ئاماژەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە ئەمانەن:

(باد ستەم: بای زاڵمە، کە بێبەزییانە گەڵا زەردەکان لەناودەبات و ئاماژەیە بۆ (ئەجەل)، خەزانا: گەڵای وەری و ئەگەر باد ستەم ئاماژەبێت بۆ ئەجەل ئەوا خەزانیش ئاماژەیە بۆ مردنی مرۆڤەکان، زار زار: فەقیرو بێچارە و بێدەسەڵات، ئاماژەیە بۆ لاوازی گژو گیا و سروشت بەگشتی کە لە وەرزی پایزدا زۆر هەژاری و لاوازی دەردەکەون. تەنافان چەتری خەزانان: لاسکی گەڵای دار، ئەو بەشەی گەڵای دار کە لەنێوان پانای گەڵای دار و قەدی داردایە. ستونان: دارەکان. سەرتاپا سیا: سەرتاپا ڕەش، وێنە ڕەشی دار و درەخت و تەنانەت دەشت و دەر لە ورزی پایزا سەنج ڕاکێشە بۆ شاعیران. بادی غەزەب: بای تورەی ئاماژەی بۆ تورەبونی خودا لە بەندەکانی کە هەمیشە خواناسان و خواپەرستان لە تورەی خودا دەترسن بەهۆی گوناهەوە).

ئاماژەکان وادەردەکەون کە شاعیر بەڕۆچونە ناو وەرزی پایز و بەکارهێنانی وەرزی پایز و کەرەستە پایزییەکان، ئاماژە بۆ مەردن و ئەجەل و پیری دەکات.

## تایبەتمەنییە ڕۆمانسییەکانی ئەم شیعرە:

ئەو ئاماژانەی کە لەم شیعرەدا دەردەکەون و نیشانەو تایبەتمەندی ڕێبازی ڕۆمانسرن دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بیانخەینەڕو.

1. سروشت: پایز بەشێکە لە سروشت و شیعرەکەش پایزییە کەواتە سەرچاوەی شیعرەکە سروشتە.

2. خەم و خەفەت و ماتەم و مردن: کۆی ڕوی دەوەروەی شیعرەکە گریان و شینە بۆ نەمان جوانی بەهارو هاتنی وەرزی هەڵوەرین و وشک بون و زەرد بون دارو دەرخەت، بەڵام واتای قوڵی شیعرەکە ئاماژەیە بۆ ئەجەل و مردن و پیری کە ئەمەش بابەتە بەرچاوەکانی ڕۆمانسین.

3. کۆچ و دابڕان: کۆچ و دابڕانی گەڵا لە دار و لق، ئاماژەیە بۆ مردنی مرۆڤ و دابڕانی عاشقان لە یەکتر.

4. خودییەت: لە کۆتا دێڕە شیعردا، شاعیر باس لە حاڵی خۆی دەکات کە دڵی وەک داری ڕەش و ڕوتی پایز سوتاوە بەبای تورەی خودا. بە ئەمەش حاڵی خۆی دەخاتەڕو.

5. لە ڕوی ڕوخساریشەوە شیعرەکە بەکێشی پەنجی خۆماڵی دەبرگەی نوسراوە، کە کێشی شیعری شێوەزاری گۆران (هەورامی)یە و بنەمای قاڵبی شیعری ڕمانسێی کوردییە.

6. شیعرەکە جگە لە چەند وشەیەکی کەمی بێگانە (سەید، شەهید، غولام، غەضەب) وشەکانی دیکە کوردی شێوەزاری گۆران (هەورامی)ین.

## 1-ماتی و متی و نەمانی جوانی لە شیعری (ئیوارەی پایزی) هێمن:

سەرەڕای بونی پانتاییەکی فراوانی وەسفی سروشت لەشیعری هێمندا، وەسفی وەرزەکانی ساڵیش لە شیعرەکانیدا هەیە، ((بەتایبەتی وەرزی پایز لای شاعیرانی ڕۆمانسیزم بە گشتی و لای هێمن بەتایبەتی بەشی شێری وەرگرتوە و پانتاییەکی فراوان و گەورەی هەیە، چونکە ڕەنگ و ڕوخسار و سیماکانی ئەم وەرزە کۆک. تەریبە لەگەڵ دەرونی تاریک و خەماوی شاعیر)) (فەتاح، 2013: 62). (ئێوارەی پایز) یەکێکە لە شیعرە ڕۆمانسییە پایزییە جوانەکانی (هێمن)، کە کۆی شیعرەکە لە (سی و نۆ) کۆپلەی چوار نیوەدێڕی پێکهاتوە. شیعرەکە لە سێ تابلۆی جیاواز پێکهاتوە، لە کۆپلەی (یەکەمەوە) تاوەکو کۆپلی (شازدەیەم) دەربارەی ئێوارەی پایزە و لە هەر کۆپلەیەکدا تابلۆیەک دەنەخشێنێت، ماتی و متی لە زۆربەی تابلۆکانی ئەم کۆپلانەدا دەبینرێت، پاشان لە کۆپلەی (شازدەیەم) هەتا کۆپلەی (بیست و یەکەم) دەچێتە ناو شەوگاری دور و درێژی پایز و دیسانەوە لەهەریەکێک لە کۆپلە شیعرەکانیدا تابلۆیەکی شەوگاری پایز پیشاندەدات، بەشی سێیەم و کۆتای دێتە سەر کێشانی وێنەی حاڵی میلەتی کورد بە دەست دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی و چەوساندنەوەی گەلانی ژێردەستە لەلایەن وڵاتانی زلهێز و سەرمایەدارەوە، بەڵام ئەم باس و خواسە لە سەر زمانی کەسێکی تروە دەخاتە ڕو نەوەک خودی خۆی، لێرەدا گۆڕانێکی بابەتی ڕودەدات دەبێت بەشیعرێکی (ڕیالیزمی) ئێمە ئەم بەشەی شیعرەکە کە کۆپلەی (بیست و دو) تا کۆتای شیعرەکەیە ناخەینە چوارچێوەی باسەکەمانەوە بەهۆی درێژە نەکێشانی بابەتەکەو گۆڕانکاری بابەتی شیعرەکەوە، بەڵام بەهۆی گرنگییەوە کۆپلەی کۆتایش دەخەینە بەر باس.

دەتوانین لە هەرکۆپلەیەکی ئەم شیعرەدا و بەتایبەتی (بەشی یەکەم و دوەم) بنەمایەکی ڕێبازی ڕۆمانسی دەربهێنین، بۆیە بەپێی توانا چەند کۆپلەیەکی لێوەردەگرین و شی دەکەینەوە بەڵام ئەوەی مایەی تێڕامانە دیاردەی مت بون و ماتی و نەمانی جوانییە لە کۆی ئەم شیعرەدا، شاعیر لە کۆپلەیەکەمدا بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

لە ئاسۆیەکی دورە دەست

ئاوا بو زەردەی پایزی

دەتگوت بوکێکی بەنازە

پەردە جێ دێڵی بە زیزی (هێمن، 2014: 262)

ئەگەر سەیری ئەم کۆپلە شیعرە بکەین دەبینین وشە و دەستەواژەکانی (ئاسۆ، ئاوابونی زەردەی پایزی، ڕۆشتن و تۆرانی بوکێک بەزیزی) هەمو ئەمانە وشەگەلێکی ڕۆمانسین لە ناو ئەم کۆپلە شیعرە پایزییەدا، کە ئاماژەن بۆ نەمانی جۆش و خرۆشی ڕۆژ و گۆڕانی بۆ ماتی متی ئێوارە و شەوی پایزی، لەگەڵ نەمانی شەق و زەوقی بوکێک کە ئاهەنگەکەی گۆڕاوە بەرەو زیزی بێزاری. لە کۆپلەی (سێیەم و چوارەم)یشدا، وێنەی مت بونی باڵندەکانی (کۆتر و چۆلەکە پاساری و قەڵەڕەش) پیشاندەدات:

جوتێک کۆتری سە بە کڵاوە

هەڵکورماون لە سوانەیەک

دیارە لەو دەوروبەرانە

پێیان شک دێ هێلانەیەک

***

پاساری سەرداری کۆڵان

فڕ و جیکەیان لێ بڕا

قەل فڕی... فڕی... تا ون بو

هەر ڕورەشی خۆی پێ بڕا (هێمن، 2014: 262)

ڕۆژ و  بوک باڵندە کاسب و خەڵی کی ناو بازاڕ

پاشان لە کۆپلەی (شەشەمدا) دێتە سەر تابلۆی حەماڵێک کە ئاخیر کۆڵ و بار دەباتە ژورەوە بۆ مام حاجی ئەویش دوکانی دادەخات وبەرو ماڵ بەڕێ دەکەوێت و کۆتایی بە چالاکی ئەو ڕۆژە دەهێنێت و ئەوانیش بەرەو متی دەڕۆن:

ئاخر کۆڵی بۆ بردە ژور

باربەرێکی درێژی ڕوت

دەرکی دوکانی گاڵە دا

مام حاجی و بەرەوماڵ بزوت(هێمن، 2014: 263)

پاشان لە کۆپلەی (نۆیەم)دا، مت بون بەردەوادەبێت تادەگات کیژێک کە دەرگای حەوشە بە قایمی دادەخات و دەچێتە ماڵەوە و هەمو جوانییەک لەگەڵ خۆیدا دەبات و شوێنەوەاری جوانی ناهێڵێت لە ئەو ناوەدا:

کیژێک خۆی لە ژور کوتاوە

دەرکی حەوشەکەی پێوەدا

ئیتر شوێنەوەرای جوانی

بەدی ناکەم لەم نێوەدا(هێمن، 2014: 263)

بەم شێوە هەتا هەوا تاریکتر دابێ دنیا چۆڵ و مات و متتر دەبێت و جادەیەکی خاڵی لە کوڕو کچ، بە تەنها جێدەمێنێ.

تا تاریکان پەیدا دەبێ

چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە

نە دێتە دەر کیژی لەبار

نە ڕادەبورێ لاوی سادە (هێمن، 2014: 264)

بەم شێوەیە شاعیر بەردەوام دەبێت لە پیشاندانی متبونی دنیا لە ئیوارەکانی پایزدا تادەگاتە ئەوەی ئیدی سەیری هەرشتێک دەکات ڕەنگی پایزێکی مات و متی لێنیشتوە و جوانی خۆی بزردەکات و ناشیرین دێت و جێگەی دەگرێتەوە هەر بۆیە لە کۆپلەی (دوازدەیەم)دا دەڵێت:

تەماشای هەر شتێ دەکەم

ڕەنگی پایزی گرتوە

جوانی خۆی لێ شاردومەوە

دزێوی ڕێزی گرتوە (هێمن، 2014: 264)

لێرەدا ئەو ماتی و متبونانەی کە ڕودەدەن لەم ئێوارە پایزییەدا سەرجەم جوانییەکان لەگەڵ خۆی دەبەن و ناشیرینی و دزێوی جێگە دەگرێتەوە، ئەم ناشیرینی ودزێوییەش وەک پایز وەهایە لە بەرچاوی شاعیر، کەواتە لە دیدی شاعیرەوە خودی پایزیش ناشیرین ودزێوە.

شاعیر لە کۆپلەی (شازدەیەم)وە دەچێتە کەشی شەوەوە، شەوی پایز زیاتر لە ئێوارەکەی خەمەنگیزترە ئەم بڕگەی شیعرەکەی بەم کۆپلە دەست پێدەکات:

ئاخ دیسان ڕوپەڕێک دڕا

لە ڕۆژ ئەژمێری تەمەنم!

ئاخ دیسان شەو داهاتەوە

من هەروا دورە وەتەنم! (هێمن، 2014: 265)

ئەوەی لەم کۆپلە شیعرەدا بەدی دەکرێت، ئاخ و ئۆفە بۆ بەسەرچونی تەمەن و باسی چونە ناو کەشی شەوە، لەگەڵ ئازاری دەردی دورە نیشتیمانی، هەریەکێک لەمانە تایبەتمەندییەکی شیعری ڕمانسییە و دەتوانین تەنها لەم کۆپلە شیعرەدا (سێ) تایبەتمەندی شیعری ڕۆمانسی دیاری بکەین، ڕۆمانسییەت لە کۆپلەی دوای ئەمەدا بەرەو قوڵی دەڕوات و دەکەوێت دەربڕینی، ئاخو ئوف لە دەست شەوگاری ڕەشی تەنیای و جودای.

ئاخ دیسان چومە ژێر باڵی

ڕەشی شەوگاری تەنیای!

ئاخ، دەبێ دیسان بچوێژم

ژەهراوی تاڵی جودایی! (هێمن، 2014: 265)

ئەو تەنیای و جوداییەی کە شاعیر لەم کۆپلەیەدا لەناخی دڵەوە سکاڵای لێدەکات یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ڕۆمانسییەت.

شاعیر لە کۆپلەی (بیست و یەک)ەمی شیعرەکەیدا، ئەم بەشەش کە باسی شەوی پایزە بەرو کۆتای دەبات و دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێوارەی پایز و دەڵێت:

دور قاقایەکم گوێ لێ بو

دەتگوت گوللەم پێوە دەنێ

چۆن بە ئێوارەی پایزش

ئی وا هەیە پێ بکەنێ! (هێمن، 2014: 265)

لە ئەنجامی ئەو هەمو ماتی و متییە کە شاعیر لە ئەم دو بەشەی شیعرەکەیدا باسی کردوە و لە بەشێ سێمەیشدا کە شیعرەکە زیاتر ئاڕاستەیەکی ڕیالیزمی وەردەگرێت، ئیدی شاعیر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەشی خۆی و نەتەوەکەی لە ناوچون و نەمانەو دەڵێت:

گوتم: ((کەوابو، ئاشنا!

بەشی ئێمە لەنێو چونە))

گوتی: ((نا، نا، دور بنوارە...

دور بنوارە... ئاسۆ ڕونە...) (هێمن، 2014: 269)

بەڵام ئەوەی لە کۆتا دێڕی شیعرەکەدا سەرنج ڕاکێشە هەڵگەڕانەوەی شاعیرە لە نائومێدییەکی قوڵ و ماتی و متیەکی تاقەت پڕوقێنەوە بۆ، ئومێدو هیوایەکی دور کە لە داهاتودا هەمو شتێک باشدەبێت و ئاسۆی کورد و کوردستان گەش و ڕون دەبێت.

خاڵیکی تری گرنگی ڕۆمانسییەت لەم شیعرەدا خودییەتە کەشاعیر لە بەشی زۆری کۆپلەکانیدا باسی ناخی خۆی دەکاتو زۆر گرنگی بە ئەم بوارەدەدات. کەواتە شاعیر پایزی کردوە بە کەرستەیەک و ناخی خۆی پێ بەیان دەکادت. لە ڕوی ڕوخساریشەوە شیعرەکە بە کێشی پەنجەی خۆماڵی نوسراوە خۆی لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە پاراستوە، بەزمانێکی سادەو ڕون و ڕەوان شیعرەکە هۆنراوەتەوە، بەڵام وێنە شیعریەکان و تابلۆ شیعرییەکان لە ئاستێکی بڵندان.

## پایزی من (فەرهەنگە خەم حەسیب قەرەداغی):

حەسیب قەرداغی پاڵەوانی خەم[7] لەشیعرێکی ناوازەی خەم ئامێزدا دەکەوێتە گفتوگۆ و دەردەدڵ و گلەی کردن لە پایزی خەم هێنەر، ئەم شیعرە لە (هەشت) بڕگە پێکهاتو کە هەر کۆپلەیەکی تابلۆیەکی شیعری لەخۆدەگرێت. بونیادی تابلۆی گشتییە کەشی بازنەییە و بە دەستەواژەی (پایز، پایز...) دەست پێدەکات و بە وێنەی وەرزی پایز و دوبارەکردنەوەی هەمان دەستە واژەی(پایز... پایز) کۆتای دێت.

سەرەتا ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ناونیشانی شیعرەکەیەتی کە (پایزی من)ە، لێرەوە یەکسەر خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەڕوات کە دەبێت پایزی نوسەر چی بێت و جیاوازی چی بێت لە پایزی کەسانی تر؟ و خوێنەر ڕادەکێشی بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکە کە دەڵێت:

پایز، پایز... وەرزی خەزان

خەم هێنەر لە خەم نەزان

دەی بیهاوە شەستی پەڵەت

بەردەوامبێ ڕەوتی هەڵەت

پایز... پایز (قەرەداخی، 2002: 131)

شاعیر یەكسەر دەكەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ وەرزی پایزدا و بەكەس(مرۆڤ)ی دەكات، بەڵام هەر لە چوار چێوەی وەرزی خەزان و گەڵای وەریودا، بەڵام لە هەست دای دەماڵێت و پێیوایە گەر هەستی هەبێت ئەمە ناكات كە ئەیكات، پاشان شاعیر بێمەنەتی خۆی دەردەخات و دەڵێت با خەم هێنەریت بەردەوامبێت و لەسەر ڕەوتی خۆت هەر بەردەوامبە. بڕگەی (دوەمە)دا لە باسی پایز بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

پایز، پایز... ئەی هاوین كوژ

ئەی كۆچەڕێی دژوار و دژ

واخەم ماڵی دڵ خۆشەكا

لە زەردەپەڕ پڕ كۆش دەكا

زستانی پێ دەباتەسەر

لە خڵوەدا نایێتە دەر

پایز... پایز (قەرەداخی، 2002، 131)

ئەمجارەیان پایز وەک بكوژێک دەدوێنێت كە بكوژی هاوینە، پایز ڕێگەی كۆچی تەمەنێكی پڕ لە هەوراز و نشێوە، لێرەدا شاعیر دەیەوێت ئاماژە بە ئەوە بكات كە تەمەنی هەڵكشاوەوە كاتی ئەوەیە كە ئەم كۆچە پڕ لە هەوراز نشێوەی بەروە كۆتای بڕوات، چونكە حەسیب قەرداغی كوڕی ڕۆژگارو قوناغێكی سەخت و دژوارە. لێرەدا دەڵێت: كە ئیتر ماندوبوە بەدەست ئەم ژیانەوە، شاعیر بەهاتنی پایز زیاتر دڵی پڕ دەبێت لە خەم، باوەشی پڕدەكات لە زەردەپەڕ بەڕادەیەک لە ئەم زەردەپەڕە وەها باوەشی پڕدەكات كە بەشی زستانیشی دەكات.

(كۆچ یان مردن) لەگەڵ خەم و خەڵوەت و گۆشەگیری كە سەرڕێژی ئەم بڕگە شیعرەن لە تایبەت مەندییەكانی شیعری ڕۆمانسین.

شاعیر لە وەسف و قسەکردن لەگەڵ پایز بەردەوامە، ڕەنگی زەردی و ڕوتی ئەم وەرزە و باری ناهەمواری کەشوهەوا و بارە دەرونییەکەی. وێنە دەکێشێت کە چۆن دەڵ پڕدەکان لە خەیاڵ.

پایز... پایز

پایز، پایز... ڕەنگ زەرد و ڕوت

ئێوارانی درەنگ و زوت

کەوتونەتە بارەی کێشە

دڵم پڕکەن لە ئەندێشە

لەگەڵ قەرسی سارد و سڕ

خای خەمی من هەر زو دڕا

ئێستە کۆڵیت نییە و شارە

هەر پایزە و بێ بەهارە

پایز... پایز (قەرەداخی، 2002: 132)

لەم بڕگە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر تاسەی ڕابردوی دەکەوێتە دڵ و دەڵێت: ئێستە وەک جارن نییە و لە شاردام دنیای من هەر پایزە و لە بەهار دورە، دیارە لیرەدا بیری ئەو ڕابردوە دەکاتەوە کە لە گوندا بەسەری بردوە و بیری ژیانی جارانی گوند دەکاتەوە. کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری شاعیرە ڕۆمانسییەکانە.

لە برگەی چوارەمدا پایز بە لافاوی خەم بانگ دەکات و بە پێچی ڕێگەی خەمی ناوی دەبات، وەک لە پێشەوە ڕونمان کردەوە ژیانی شاعیر پڕە لە خەم ((خەمەکانی حەسیب قەرەداغی ڕاستەقینەن و دورن لە خەمی دەستکرد)) (محەمەدسالح، 2012: 309). هەر بۆیە پایز خەمەکانی دەکات بە لافاو...

پایز، پایز لافاوی خەم

پێچی ڕێگەی دەرد و ستەم

لە دەردی من کارت نییە

لالە پەتەی زارت نییە

ئەینا بۆ سوێی ئەم دڵەی من؟

بۆچی تینی ئەم کڵەی من؟

ئەدەیتە بەر سەرما و سۆڵە؟

وادەزانیت شارم چۆڵە؟!

پایز... پایز (قەرەداخی، 2002: 132)

لە بڕگەی (شەشەمدا) شاعیر دەکەوێتە عینادیەوە لەگەڵ وەرزی پایزداو ڕوبەڕو پێی دەڵیت: پایز وەرزی دڵتەزێن لە داخی تۆشبێت هەردەبێت بژین، دەڵێت: ژێن باریکە بەڵام خۆ هەر هەوارگەیەکیشی هەیە کە تێیدا ئارامبگرین، مردنیش هەیەو باکی لە کەس نییە، ئەم ڕێگایە ژیان و مردنی تیادایە، چۆن ژیان هەیە و ڕاستییە مردنیش هەیە و ڕاستییە. کوا ئاوی حەیات، کە باسدەکرێت؟ هەر ئەفسانەیەو ڕاست نییە. ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ سودی هەبێت بۆ چواردەوەری ئەگەر وشەیکەم لە دڵی کەسێکدا جێگەی خۆی بگرێت و فرمێسکێکم بدات لە پەڕی گوڵێک و هەست بە دەردەدڵی بکات، ئەوە دەبێت بە بەردەوامی و نەمری بۆ من، ئیتر توانای ئەوەم هەی کە بەرگە تۆش بگرمی و خەمی سەرباری خەمانی تۆش ڕاگرم ئەی پایز.

پایز، پایز... وەرزی ڕچین

لە داخی تۆش دەی بژین

ژیان کۆڵەو هەورای هەس

مەرگیش باکی نییە لە کەس

دەژین، دەمرین... ئەمە ڕێیە

ئاوی حەیات کوا لە کوێیە؟

من پەیڤێکم بالە دڵێ

فرمێسکێکم با لە گوڵێ

وەکو جاویدان نامرم

توانام هەیە تۆش ڕاگرم

پایز... پایز (قەرەداخی، 2002: 133)

ئەوەی لەم بڕگەیەدا سەرنج ڕاکێشە، هەڵگەڕانەوەی شاعیرە لە باری لاوازییەوە بۆ باری بەهێزی چونکە بڕیاری ئەوە دەدات کە ڕووبەڕوی سەختییەکانی پایز ببێتەوە و خۆی نەدات بەدەستەوە، وا دەردەکەوێت لێرەدا شاعیر هەڵگەڕانەوەیک لە ڕێبازە شیعرییەکەیدا دەکات لە ڕۆمانسییەوە بەرەو ڕیالیزم ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیەکە ((شاعیر بە هەمو مانایەکەوە، مرۆڤێکی ڕیالیست و شاعیرێکی واقیعبین و بەرچاوڕون بوە)) (محەمەدساڵح، 2012: 309). چونکە لە ناو ئەم شیعرە پایزییە پڕخەم و خەیاڵ و ڕۆمانسییەدا، واقیعی ژیان و مردن و ڕوبەڕوبونەوەی نارەحەتییەکانی ژیان باسدەکات.

کۆتا بڕگەی ئەم شیعرە کە بڕگەی (هەشتەم)ە، شاعیر پایز وەک هاوڕێیەکی نەویستراوی ئەم تەمەنەی خۆی دەبینێت، چونکە بەهاری گەنجی ڕۆشتوە و پایزی پیری ماوە بۆیە پایز وەک هاوڕێی خۆی دەبینێت.

پایز، یاری ئەم تەمەنەم

ئەی سەرباری ئەم پێچە نەم

کە زیندانم بێ دەرگەبێ

دەرونیشم چەمەرگەبێ

مەکەن دڵم لە گۆ مەخەن

بۆ مارەی خەجی دەبەن

پایز... پایز(قەرەداخی، 2002: 133)

## تایبەت مەندییە ڕۆمانسییەکانی ئەم شیعرە:

ئەگەر سەیری ئەم شیعرە پایزییە بکەین خەمی قوڵی شاعیر دەردەخات کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەر سەرکییەکانی شیعری ڕۆمانسس، ئەمەش بابەتێکی خودییە و خەیاڵی قوڵی شاعیریش بەڕونی دەردەکەوێت، ئاوات بۆ ڕابردو ژیانی گوندیش سەنج ڕاکێشە! مردن و ژیانیش باسی کۆپلەیەکی تری ئەم شیعرەیە، لەناو شیعرەکەشدا ئەفسانە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە. هەمو ئەمانە تایبەتمەندی شیعری ڕۆمانسین، بەڵام لە کۆپلەی (شەشەم) هەڵگەڕانەوەیەک بەروە ڕیالیزم بەدی دەکرێت.

## ئەنجام:

1- لە شیعری کۆنی کوردیدا، زیاتر لەبری وشەی پایز وشەی خەزان بەکارهاتوە، دیارە لە ناو زمانی خەڵکی ئەو کاتە زیاتر هەر خەزانیش بەکارهاتوە، وا دەردەکەوێت وشەی پایز کەم

بەکارهاتبێت، یان لەوانەیە وەشی خەزان وەک خوازە بەکارهاتبێت. بەڵام لەشیعری شێوەزاری گۆران(هەورامی) خەزان بەواتای گەڵای وەروی داریش هاتوە.

2- لە شیعری کۆندا زیاتر ئەو وێنە شیعریانەی کە لە پایز و کەرەستە پایزییەکان دروستکراون، بە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژی لێکچوان بوە.

3- هەرچەند پێش سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی ڕێبازی ڕۆمانسی شیعری پایزیش هەبو، بەڵام لەگەڵ بڵاوبونەوە و تەشەنەسەندنی ئەم ڕیبازەدا شیعری پایزیش زیاتر گەشەی سەندوەو بڵاوبوەتەوە.

4- سەرتای شیعری پایزی و ڕۆمانسی کوردی بۆ سەدەی (حەڤدەیەم) دەگەڕێتەوە، و بەتایبەتی شاعیری (بێسارانی)، پاشان (مەولەوی)یش بە شیعرە پایزییەکانیەوە دەکەوێتە ژێرە کاریگەری بێسارانییەوە ئەم ڕێرەوەی شیعری پایزیو ڕۆمانسییەت بۆ شاعیرانی پاش خۆی دەگوازێتەوە.

5- لە هەردو شیعرە پایزییەکەی هێمن و حەسیب قەرەداغیدا، هەڵگەڕانەوە لە ڕۆمانسیزمەوە بەرەو ڕیالیزم بە دی دەکرێت.

6- سەرەڕای جیاوازی سەردەمی شیعری کۆنی پایزی کوردی و شیعری پایزی نوێی، لێکچونی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی هەمان وشەو دەستەواژەی پایزی. بەڵام جیاوازی لە ئاماژەی کەرەستە پایزییەکانی شیعری ئەم دو قوناغەدا بەدی دەکرێت.

## Romanticism of Kurdish Poets in the Autumn

## References of the Autumn poems' tools as an example

**Ikram Jalal[1] - Tanya As'ad MuhammadSalih[2]**

[1+2]Kurdish Department, Faculty of Basic Education, Salahaddin University, Kurdistan Region of Iraq

**Abstract**

As Poets become more sensitive and inspired to write Poems in the fall, this season is called Poets' season. The climate change in this season affects the psychology of the poets and makes them feel (loneliness, departure, old age and death…etc.) even more and as a result their poems lean more towards these characteristics and would move them towards writing poems that embody characteristics of the fall and carrying some terms and tools that

emanate from natural phenomena of the fall like (falling dead leaves, wind, foreignness, sadness, departure and death…etc.). Such entities become the tools of the fall-poems and would be utilized for different meanings and purposes.

The existence of fall-poems can be detected in ancient Kurdish poems and become clearer with Besarany and extends through Mawlawy up till modern-classic, modern and contemporary poets. The basics of the romantics can be observed in fall-poems, which is a wide field giving free reign for this type of poem to extend its wings and show its aspects including ancient and modern poems.

This Paper is divided into two sections; in the first section, example of fall-poems from poets like: (Besarany, Naly, Salim, Kurdy, Mahwy) are presented with the clarification of fall-related tools used in them. As for the second section, the history of the emergence of Kurdish Romantic Poems and Kurdish Romantic Characteristics has been presented, as well as elucidation of three poems by (Besarany, Hemin, and Hasib Qaradaghy) and identifying the romantic foundations found in them.

And lastly, the conclusion is presented.

**Keywords:** The fall, Fall-poems, Fall-poems tools, Fall-poems tool terms, Falling leaves, Night of Yalda.

## سەرچاوەکان

الاصفر، عبدالله، 2008. ڕێبازە ئەدەبییەکان. کەرکوک: ئاراپخا.

پیربال، فەرهاد، 2005. شیعری نوێی کوردی. هەولێر: دەزگای کوردستان.

حوسێن، پ.ی.د. هیمداد، 2007. ڕێبازە ئەدەبییەکان. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.

حەبیبی، عەوڵڵا، 2020. دیوانی بێسارنی. سنە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان.

ساڵح، حکیم مەلا، 1375. دیوانی بێسارنی لێکدانەوە: حەکیم مەلا ساڵح. سنندج: مهین.

سعید، د. محمد احمەد، 2006. بێسارانی و تێکستە پایزییەکانی. گۆڤاری زانکۆی کۆیە، مارس، pp. 109 - 133.

فەتاح، ڕزگار عومەر، 2013. ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوری دا. هەولێر: مۆکریانی.

قەرەداخی، حەسیب، 2002. فەرهەنگی خەم. یەکەم ed. هەولێر: ئاراس.

محەمەد، د. ئەنوەر قادر، 2007. مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، 20 حوزەیران، pp. 7-28.

محەمەدسالّح، د. تانیا ئەسعەد، 2012. دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا. یەکەم ed. هەولێر: ئاراس.

مدڕس، مەلا عبدولکەریمی، عبدالکریم، فاتح، مەلاکریم، محمد، 1391. دیوانی نالی. هەشتەم ed. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

مدرس، ملا عبدالکریمی، مەلا کەریم، محمد، 1386. دیوانی مەحوی. چاپی دوهەم المحرر سنندج: بڵاوکراوەی کوردستان.

مدریس، مەلا عبدالکریمی، 1386. دیوانی مەولەوی. چوارەم ed. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

مودەرریس، مەلا عەبدولکەریمی، عەبدولکەریم، فاتیح، کەریم، محەمەد مەلا، 2015. دیوانی سالم عەبدوڕڕەحمان بەگی صاحێبقڕان. یەکەم ed. سلێمانی: بنکەی ژین.

هێمن، 2014. سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن. هەولێر: هەولێر.

## پەراویزەکان:

i (جۆرە دەوارێکی چوارگۆشەییە) (مدڕس et al.، 1391: 398).

ii مەبەستی لە دیوانەکەی (حەکیمی مەلا سالّەحە).

iii مەبەست لە وشەی چار یارە، چرای ڕاستی شەو تاریک و ژوری تاریک ڕۆشن دەکاتەوە بەڵام یار دڵ دەروون ڕون دەکاتەوە.

iv (١٦٤٣ یان ١٦٤٤)

v خەم یان غەم؟ ئایا خەم ڕاستە یان غەم؟ لەبەرئەوەی شاعیر دیوانەکەی بەناوی (فەرهەنگی خەم)ەوە بڵاوکردوەتەوە ئەم شیعرەش کەمن وەرمگرتوە وشەی (خەم)ی بەکارهێناوە بۆیە منیش هەر وشەی خەم بەکاردەهێنمەوە، بەڵام (د.تانیا ئەسعەد محەمەدسالّح) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەشێوەیەکی ناوازە سەلماندویەتی کە وەشەی (غەم) ڕاستە نەوەک (خەم).